# سەربەخۆیی کوردستان خواستی ئازادیخوازانە
# نەك داواکاری ناسیۆنالیستان..

### وڵامێك بۆ مەریوان وریا قانیع

**نورەدین وەیسی**
nuradinwaisi@hotmail.com

ماوەیەکە دوو نووسەری گۆڤاری رەهەند کاك مەریوان وریا قانیع وکاك ئاراس فەتاح هەفتانە لە هاوڵاتیدا لەگەڵ خوێنەرەکانیاندا بەیەکدەگەنەوە , ئەم گۆشە تازانە ئەگەرچی نیمچە هەمەچەشنییەکی بە هەفتەنامەکە بەخشیووە کەپێموایە هەموو رۆژنامەیەك بە گۆشەکانییەوە دەرکەوتووترە ,بەڵام نابێ لەیادیشمان بچێت کە مەرج نییە ئەوەی نووسەرێکی باش بێت لەهەمانکاتدا رۆژنامەنووسێکی باش وگۆشە نووسێکی چاکیش بێت , چونکە ئاشکرایە گۆشە نووسین شێوازوتەکنیك وزمانێکی تایبەتی گەرەکە وزمانی نووسینی برادەرانی رەهەندیش بەکەڵکی رۆژنامەو گۆشە نووسین نایەت وبۆ لێکۆڵینەوەو وتاری دووروودرێژ باشە، لەکاتێکدا رۆژنامەوانی وبەتایبەتیش گۆشە نووسین پێویستیان بە زمانێکی سادەو ساکارو کورت وپوختی دوور لە درێژدادڕی هەیەو بگرە هەندێ جار وادەخوازێت کە زمانی بازاڕیش بەکار بێت کە نووسەرانی رەهەند نووسینی کورت وزمانێکی سادە لە نووسیندا بەناتەواوی وکەموکورتی دەزانن..!

من لێرەدا دەمەوێ گفتوگۆ لەسەر بابەتی گۆشەی رابردووی کاك مەریوان بکەم کە بەنێونیشانی (مەنفای کوردی – واقیع وداواکارییەکانی) بوو، راستیەکەی قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە زۆر گرنگە و وابزانم برادەرانی رەهەند پێشتریش چەند جارێك لەسەر ئەم پرسەیان نوسیووە ، ئەوەی جێی سەرنجە کاك مەریوان ویستوویەتی لەرێگەی ئەم نووسینەیەوە تانەو تەشەرێکی زۆر لە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی لە دەرەوە بدات وپێیوایە تەنها خەریکی ((نووسینی وتاری کورت وئینشایین لە سایدەکانی ئینتەرنێتدا وحاشا لەعیراقیبوونی خۆیان دەکەن))!

من لەوەدا لەگەڵ کاك مەریوان هاوڕام کە جالیەی کوردی – ئەگەر بشێ ئەو ناوەی لێ بنێین- ئاستی پێشکەوتنیان زۆر نزمە وئەگەر ئاوا بڕوا بەداخەوە دوارۆژیشی هیچ ئومێد بەخش نییە ، بەڵام دەبێ بزانین هۆکارەکانی ئەم دواکەوتووییە چین؟ دیارە ئەو کوردانەی لەدوای راپەرینەوە هاتوونەتە دەرەوە - مەبەستم زیاتر ئەورووپایە – بەشێکی بەرچاوی جالیەی کورد پێك دەهێنن وریژەی هەرە زۆریشیان لەئاستێکی نزمی خوێندەواریدان و بۆ پارە کۆکردنەوە هاتوونەتە دەرەوە نەك خوێندن وچالاکی سیاسی ورۆشنبیری ، لێ چونکە بەشێکی زۆریان تا هەنووکە رەوشی نیشتەجێبوونیان دیار نییەو مافی مانەوەی یەکجارەکییان وەرنەگرتووە بۆیە زۆربەیان لەرەوشێکی دژواردا دەژین وناتوانن بەئاشکرا کار بکەن وسەرەنجام ناشتوانن بشخوێنن ئەگەر تێیاندا بێت مەبەستی خوێندن بێت, هەربۆیەش رێژەی بێکاریان دەنێودا زۆرەوزۆربەیان سۆشیال وپارەی دەولەت وەردەگرن ولەپاڵیشیدا کاری رەش دەکەن ، ئەم رەوشە سەختە وای لێکردوون کە نەتوانن زمانی ئەو وڵاتانەش فێر ببن وسەرەنجام هەر لەبازنەیەکی بچووك وداخراوو لەچاوەڕوانی باشتربوونی ژیانیاندا بسووڕێنەوە.

دیارە بەشی زۆری ئەو پەنابەرانە خوێندنیان بەلاوە گرنگ نییە و پارە کۆکردنەوەو ناردنەوی بۆکوردستان خەمی سەرەکیانە، ئەوانەی دەشیانەوێ بخوێنن وتێکەڵی ئەو کۆمەڵگایانە ببن پێویستە زۆر قوربانی بدەن بەتایبەتی لە ئەمریکا , چونکە بەڕاستی یان دەبێ بەژیانێکی مەمرەومەژی رازی بیت تا بتوانی بخوێنی ، یانیش دەبێ لەپاڵ خوێندنەکەدا کاریش بکەی کەبێگومان ئەمەش هەر لەسەر حیسابی خوێندنەکە دەبێت ، بەکورتی هەرکەسێك بیەوێت بەباشی بخوێنێت و بەهۆی خوێندن وزمانزانییەوە ببێتە کەسێکی چالاك وئەکتیڤی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژێیت ئەوە لانیکەم پێویستی بە نزیکەی دەساڵێك هەیە ئەمە جگە لەوەی کەخوێندنیشی تەواو کرد دەکەوێتە ژێرباری قەرزێکی زۆرەوە.!

من پێموانییە خەڵکی شارەزاو پسپۆڕی کوردمان لەدەرەوە کەم بێت وەك نووسەر دەڵێت ( بەدەگمەن نەبێت کوردێکی عیراقی نادۆزیتەوە لەبوارێکدا کەبکرێت کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی بۆسەر مەسەلەی کورد هەبێت) بەڵام پرسەکە ئەوەیە تاچەند ئەو خەڵکە شارەزاو ئەکادیمیە وەك کوردوکوردستانییەك خۆیان دەناسێنن وشوناسی دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان تووڕهەڵدەدەن ؟بەداخەوە بەشی هەرەزۆریان زێترخۆیان وەك عیراقی وتورکی وئێرانی و سوری دەناسێنن وهەندێکیان تەنانەت پێیان شەرمە بڵێن کوردیشین , ئەو بەناو رۆشنبیرانە بۆ کورد هەبوون ونەبوونیان وەکو یەکە و من بۆخۆم گەنجێکی نیمچە خوێندەواری دڵسۆز بۆپرسی نەتەوەو نیشتمانە داگیرکراوەکەی لەهەزار پرۆفیسۆروزاناو رۆژنامەنووسی مێشك بۆگەنکراو بە بیری عیراقچێتی وئێرانچێتی و..و..م پێ باشترە , چونکە کەسی رۆشنبیر دەبێ بەرلەهەموو شتێك دژی داگیرکراوی وماف زەوتکردن بێت ونابێ بەکۆیلەبوونی خۆی رازی بێت , دڵنیاشم ئەگەر ئەو رۆشنبیرو زاناو پسپۆڕە کوردانەی ئێستا لە دەرەوەن عیراقیبوون وتورکیبوون وئیرانیبوون وسوریبوون بێ هۆشی نەکردبان ئێستا پرسی نەتەوەیی ئێمە ببووە پرسێکی نێودەولەتی و لەئاستێکی زۆر پێشکەوتوودا دەبوو.

ئەوەی لەدەرەوەزۆرجێگەی داخە ئەوەیە کە تەنها کوردە کلۆڵەکەیە کەنەك هەرباکی بەکوردبوون وکوردستانیبوونی خۆی نییە بەڵکو بەنێوی پێشکەوتنخوازی وکۆمۆنیستی ولیبرالیزمەوە دژایەتی بیرۆبۆچوونی نەتەوەیی دەکەن وبەدەمارگرژی دەزانن وبەلایەنەوە سەیرە کوردحاشا لە عیراقیبوون وئێرانیبوون وتورکیبوون وسوریبوونی خۆی بکات! , لەکاتێکدا من تا ئێستا نەمبینیوە فەلەستینیەك خۆی بە ئیسرائیلی یان تایوانی وتیبتیەك خۆی بە چاینی یان کۆسۆڤییەك خۆی بە سڕبی بزانێت، کەچی کوردە سەرلێ شێواوەکە نەك هەر بەلایەوە زۆر ئاساییە خۆی وەکو ئێرانی وعیراقی و تورکی وسوری بناسێنێت , بەڵکو لە ئەوروپاو ئەمریکا وئوستڕالیاش منداڵەکانیان لەسەر بیروناسنامەی ئەو وڵاتە داگیرکەرانە پەروەردە دەکەن.!

کاك مەریوان بەتانەوە دەنووسێت ( رۆژگارێك کەباوی دامەزراندنی کۆنگرەو ئەنجوومەنی نەتەوەیی بوو کوردەکانی دەرەوە نزیکەی پێنج ئەنجوومەنی نەتەوەییان هەبوو کەکەسیان نەیاندەتوانی لەگەڵ ئەویدیدا کار بکات ) مخابن کەراستە ئەو پەرتەوازەییە هەیە بەڵام هۆکارەکەی زیاتر ئەوەیە کە ئەو ئەنجوومەنە بەناو نەتەوەییانە زۆربەیان دەستکردی حزبە سەرەکییەکانی کوردستانن وئاشکراشە کە ئەو حیزبانە چەند دژی بیری نەتەوەیین، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تەنها ئەنجوومەنە بەناو نەتەوەییەکانن کەناتونن لەگەڵ یەکدیدا کار بکەن یان ئەوە پەتایەکی گشتییەو هەموو ناوەند ودامودەسگا کوردییەکانی گرتۆتەوە ؟ من لەکاك مەریوان دەپرسم باشە ئێوە لە (رەهەند)بۆ نەتانتوانی لەگەڵ یەکدیدا کار بکەن وبۆچی واپەرتەوازە بوون کە هەر یەکەو بەرەو سەنگەرێك رۆیشت وتا ئێستاش بەشەڕە قسەو نووسین لەبەرامبەر یەکدیدا وەستاون ، ئێوە لەکاتێکدا دەیان وتار ونووسینتان لەسەر قبوڵکردنی جیاوازییەکان نوسیووە کەچی چیکلدانەتان ئەوەندە بچووك بوو نەتانتوانی جیاوازیەکانی یەکدی قبوڵ بکەن. ئێوە کە تەنها کاری رۆشنبیریتان دەکرد نەتانتوانی لەگەڵ یەك هەڵبکەن ئیدی بۆ گلەیی لە پەرش وبڵاوی ئەنجوومەنە بەناو نەتەوەییەکان دەکەن کەدڵنیام هەموو حیزبەکان ئیشیان لەسەر ئەوە کردووە کەیەکگرتوو نەبن وتەنهالەیستۆکێك بن بەدەست ئەوانەوە.

کاك مەریوان پێی وایە ئەوەی داوای سەربەخۆیی کوردستان بکات ئەوە کەسێکی ناسیۆنالیستە ! لەکاتێکدا ئەمڕۆ ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی عەرەب وتورك وئەمریکی وئەوروپاییش بەئاشکرا پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن ، ئەمە جگەلەوەی ئەمرۆسەربەخۆیی بووەتە خواستێکی جەماوەری خەڵکی کوردستانیش ، ئیدی بڵێی ئەو هەموو رۆشنبیرو خەڵکە (بێ ئاگا) و(لاواز) و( نەزان) بن وەك کاك مەریوان لە کۆتایی وتارەکەیدا بۆی چووە ؟! پاشان ئەم قسانەی کاك مەریوان چ جیاوازییەکی لەگەڵ هەڵوێستی پدك وینك دا هەیە کەدەڵێن ئێستا کاتی سەربەخۆیی نییە؟ ئەی باشە کورد تاچەند سەدەی تریش هەروا کۆیلەو ژێردەستەی عارەب وتورك وفارسان بێت وهەر خەون بەدەولەتەوە ببینێت ورۆشنبیرەکانیشی بڵێن جارێ کاتی نییە؟رۆشنبیرەکانی کوردستان دەبێ لەڕیزی پێشەوەی تێکۆشان لەپێناو رزگاربوونی نەتەوەکەیان بن لەدەست ئەو کۆیلەیەتیەی کە سەدان ساڵە کوردلەژێریدا ناڵەی دێت نەك بێن وپاساوە پووچ وبێ بنەماکانی دەسەڵاتتدارانی کوردستان

**دووبارەو هەزار بارە بکەنەوە کە هەلومەرجەکە لەبار نییە, ئەم قسانەی کاك مەریوان ڕێك وەك ئەوە وایە داوا لە ژنان بکات کەچونکە هەلومەرجی پێکەوە کارکردنیان لەبار نییە بۆیە نابێ داوای مافەکانیان بکەن..!**